نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی ڕاگەیاندن

# هــــەواڵنامــــەی یونــــامی
## دەنــــگی نێــــردە

هەواڵنامە | ژمارە بیست و یەك | نیسانی 2008


## چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەندرو گیلمۆر، سەرۆکی نوسینگەی سیاسی



بەڕێز ئەندرو گیلمۆر، سەرۆکی نوسینگەی سیاسی

**هەواڵنامەی یونامی:** چ کارە بوویت پێش وەرگرتنی ئەم پۆستەت؟

**ئەندرو گیلمۆر:** پێش ئەوەی لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوودا بێمە نێرە، بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ جێگر یان بە وەکالەت بەڕێوەبەری سیاسی بووم لە نوسینگەی سکرتێری گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك. پێش ئەوەش، بۆ ماوەی ٣ ساڵ ڕاوێژکاری سیاسی بووم لە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەفریقیا، کە لە ١٦ وڵاتدا کاری دەکرد و زۆربەی ئەو وڵاتانەش کێشەی گەورەی سیاسی، ئابووری و ئاسایشیان هەبوو. پێش ئەوەش سەرۆکی یەکەی سیاسی و هەرێمایەتیی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوین بووم کە بارەگای لە ئورشەلیم و غەززە بوو.

**هەواڵنامەی یونامی:** بە هیوایت لە ماوەی ئەم ئەرکەتدا لە عیراق چی بەدەست بێنیت؟

**ئەندرو گیلمۆر:** لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە لە ئابی ٢٠٠٧دا پەسند کرا، ئێمە ئەرك و دەسەڵاتی فراوانتر مان هەیە

ماویەتی - لاپەڕە (2)

## وەکیلی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ڕامیاری لین پاسکۆ پابەندیی نەتەوە یەکگرتووکانی بۆ عیراق دووپات کردەوە لە سێهەمین کۆنگرەی فراوانی وەزیرانی وڵاتانی دراوسێ

**نووسینی : ڕەندە جەمال**




سێهەمین کۆنگرەی فراوانی وەزیرانی وڵاتانی دراوسێی عیراق

سێهه مین کۆنگره ی فراوانی وەزیرانی وڵاتانی دراوسێی عیراق، کە لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٨ لە کوێت بە سترا، تاووتوێی زۆرتە وە ری سە رەکی کرد کە لە هە موویان گرنگترەئە نجامدانی گفتوگۆی هەرێمی و دەوری وڵاتانی دراوسێی عیراق بوو لە هێنانەدی ئارامی لە عیراقدا. بە سە رکە وتنی لە هاویشتنی چە ند هە نگاوێکی بونیاتنە ر، کۆنگرە کە ئە و گوڕوتینە ی لای وڵاتانی بە شداربووش دروستکرد کە لە پێناو عیراقێکی ئارام و گەشەکردوو کاربکەن. هەموو بەشدارە بیانی و هەرێمییەکانیش جەختیان لەسەر هەمان ڕا و ئامانج کردەوە. وەك بەشێکیش لەم هاوڕاییە، هەموو بەشداران کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە کۆنگرە ی داهاتوویان لە بە غداد ببەستن.

یەکەم کۆنگرەی فراوانی وەزیران لە ئایاری ٢٠٠٧ لە شە رملشێخ بە سترا لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی و گەشەپێدانی لێکحاڵیبوون لە نێوان عیراق و وڵاتانی دراوسێیدا. هەر دوای ئەویش دووەم کۆنگرە لە تشرینی دووەم لە ئەستەنبوڵ بەسترا. لەئەنجامی ئەم کۆنگرانەش ٣ دەستەی کار لە بوارەکانی ووزە و پەناهاندە و ئاسایشی سنوور دروست بوون. لەم کۆنگرانەشدا وڵاتانی بە شدار (وڵاتانی دراوسێی عیراق، میسر، بەحرێن، ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرووپی هەشتە گەورە کە ((G8) چارە سە ریان بۆ گیروگرفتە هاوبەشەکان پێشبینی کرد و بەدوای بواری نوێ بۆ هاوکاریدا گەڕان. عیراقیش پێشنەگیی کرد لە دامەزراندنی میکانیزمی پشتگیری بۆ گفتوگۆی هەرێمیی.

هە روە ك کۆنگرە کانی پێشووتر، بە شدارانی کۆنگرەی کوێتیش پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە عیراقێکی ئارام و جێگیر لە بەرژەوەندیی هەموو لایە کدایە . وە کیلی سکرتێری گشتیی نە تە وە یە کگرتوە کانیش بۆ کاروباری ڕامیاری لین پاسکۆش بە نوێنەرایەتیی بەڕێز بانکی مۆنی

ماویەتی - لاپەڕە (5)

### پێرست


چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەندرو گیلمۆر، سەرۆکی نوسینگەی سیاسی __________ 1

وەکیلی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری ڕامیاری لین پاسکۆ پابەندیی نەتەوە یەکگرتووکانی بۆ عیراق دووپات کردەوە لە سێهەمین کۆنگرەی فراوانی وەزیرانی وڵاتانی دراوسێ __________ 1

مندااڵنی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەولێر داوای "ئاسایش" لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتوکومارااسوامی دەکەن ___ 2

چۆن هۆلَمز ئاماژە بە ترسناکیی دۆخی مرۆیی لە عیراق دەکا __________ 3

بەرپرسانی هەماهەنگیی حکومەتی عیراق دەست بەکار دەبن __________ 4

مێزگردی جیهانیی یاسادانان: ئەوان بە هیوان چی بەدەست بێنن؟ __________ 5

*پاشماوەی لاپەڕە (1)*

کە چەند لایەنێکی هەیە و ئێمەش لە چەند لایەنێکەوە پێشکەوتنان تێدا بەدیهێناوە. هاوکات، ئێمە بەدوای رێگەی تردا دەگەڕێین بۆ زیاترکردنی سوودمان بۆ حکومەت و گەلی عیراق.

ئێمە بەختمان هەیە کە ئێستا لە زۆر لایەنەوە ویستی زیاتر هەیە، بە بارەگای سەرەکیی خۆشمانەوە، بۆ ئەوەی یونامی دەورێکی قورستر و چالاکترلە عیراقدا بنوێنێت.

**هەوالنامەی یونامی:** وەکو سەرۆکی نوسینگەی سیاسی لە یونامی، ئەو ئاستەنگانە چین کە لە بەدیهێنانی ماندەیتی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی ئەنجومەندی ئاسایشدا بەرەو رووتان دەبنەوە؟

**ئەندرو گیلمور:** لە لایەنی سیاسیی بڕیاری ١٧٧٠دا دوو بوار هەیە کە تێیاندا یونامی بە نارەسمی سەردستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە لە یارمەتیدانی حکومەتی عیراق. بواری یەکەم هەڵبژاردنە کە ئێمە دەورێکی گرنگی تێدا دەبینین لە یارمەتیدانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ دەستەبەرکردنی رەوایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان. لە ٨ پارێزگادا بەڕێوەبەرانی نوسینگەی هەڵبژاردنەکان دەستنیشان نەکرابوون لە ئەنجامی رێکنەکەوتنی سیاسی لەسەر هەڵبژاردنی پاڵێوراوان. ئێمە پرۆسەی دەستنیشانکردنمان بۆ ئەو ٨ پارێزگایە بەڕێوەبرد.

یونامی هەروەها دەورێکی بنەڕەتیش لە مەسەلەی سنووورە ناوخۆییە کێشە لەسەرەکان دەبینێت.

ئێمە کە لە تشرینی دووەمی رابردوودا گەیشتین، یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکان دواماوەی بەرەو تەواوبوونی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بوو. ژمارەیەك لایەنی عیراقی و نێودەوڵەتی بەڕوونی ئاماژەیان بۆ ئەو کرد کە دەیانەوێت یونامی دەوری هەبێت لە دەستەبەرکردنی ئەوەی کە ئەو دواماوەیە، کە لە ٣١ی کانونی یەکەمدا بەسەر چوو، دەرەنجامی نەرێی سیاسی و ئاسایشی لێناکەوێتەوە.

لەو کاتەوە، ئێمە کار لەسەر چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی کێشە لەسەر کار دەکەین و چاوەڕێ دەکەین لە نیوەی مانگی ئایاردا هەندێك شیکردنەوە و پێشنیار بدەین بە عیراق، بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و لایەنی تر. لەدوای ئەمە کارکردن لەسەر ناوچەی تر دێت، بە کەرکوکیشەوە.

**هەوالنامەی یونامی:** بەشداریی یونامی لە ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لە عیراقدا و پتەوکردنی گفتوگۆی هەرێمایەتی چۆنە؟

**ئەندرو گیلمور:** یونامی لە زۆر رێگاوە کار لەسەر ئەمە دەکات، هەندێکیان لە پشت پەردەوەن بۆ برەودان بە گفتوگۆ لەنێوان ئەو لایەنە عیراقییانەی زۆر لە یەکتر بە گومانن. یەکێك لە بوارەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی کە ئێمە زۆر چالاکانە تێیدا بەشدارین پەیوەستە بە لایەنی ناوچەیی پەیوەندییەکانی کورد-عەرەب لە عیراقدا وەك لەسەرەوە باس کرا.

**هەوالنامەی یونامی:** یونامی چۆن چالاکییەکانی فراوان دەکات؟

**ئەندرو گیلمور:** ئێمە ئەوە بە چەند ڕێگایەك دەکەین. یەکەم و پێش هەموو شتێك لە رێگەی فراوانکردنی بوونمان لەدەرەوەی بەغدا. ئێمە نوسینگەیەکمان لە بەسرا هەیە کە لە رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردوودا دەرکەوت زۆر بەسوودە. دووەم، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی سەردانی ئایەتوڵڵای مەزن سیستانی و گەورە ئەندامانی مەرجەعییەتی کرد بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی دامەزراندنی بوونمان لە نەجەف. سـێیەم، بەم زووانە هەندێك بەرپرس لە کەرکوك و رەمادی دادەمەزرێنین. چوارەم، نوسینگەی هەولێرمان هەم لە رووی ژمارە و هەم لە رووی سیاسی و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە فراوان بووە. پێنجەم، دەستمان کردووە بە ئەنجامدانی ژمارەیەك سـەردان بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان. گرنگە کە پێش ئەوەی هیچ راسپاردەیەك پێشکێشی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و سەرۆك وەزیران بکەین راوێژ بەو لایەنە پەیوەندیدارانە بکەین کە لەو شوێنانەدا دەژین.

ئێمە لە ٩ بەرپرسی پەیوەندیکردنمان لە سەر ئاستی پارێزگادا دامەزراندوون وەك شێوازێکی فراوانکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سەرکردەکانی پارێزگا جیاوازەکان و بۆ ئەوەی ئەو بەرپرسانەی پەیوەندیکردن زانیاریی زیاترمان بدەنێ. هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین لە هەر پارێزگایەکدا بارودۆخە کە باشتر هەڵبسەنگێنین بە ئامانجی زیاترکردنی یارمەتییەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆیان.

لە ئەنجامی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە، ئێمە ئاواتێکی ئەنجومەنی ئاسایش و سکرتێری گشتی بۆ فراوانکردنی دەرکەوتنمان و ئاستی چالاکییەکانمان لە ناوەوەی عیراقدا بەدیدەهێنین.

ئامانجمان ئەوەیە بە زووترین کات ئەو کارە بکەین، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاسایش.

## منداڵانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەولێر داوای "ئاسایش" لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتوکوماراسوامی دەکەن



*نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی پیشانگای منداڵان دەکات*

**نووسینی:سەباح عەبدولڕەحمان**

بەسەرسوڕمان لەو ڕاستییەی کە نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەناهندە عیراقییەکان منداڵن و رووبەڕووی چەندان ناخۆشیی دەبنەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی تازەیان، نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری منداڵان و شەڕە چەکدارییەکان خاتووراديکا کوماراسوامی بە سەردانی خێزانەکانی ئاوارە ناخۆییەکان و قوتابخانەی تایبەت بە منداڵەکانیان لە هەولێر کۆتای بە سەردانە ٥ رۆژییەکەی هێنا کە لەپێناو دۆزینەوەی راستییەکان لە عیراق ئەنجامی دابوو.

زۆربەی قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکە لە ناوەڕاست وخوارووی عیراقەوە هاتبوون. دوای گوێگرتن لە بەڕێوەبەری قوتابخانە کە گرفتی کردنەوە و بەڕێوەبردنی قوتابخانەی تایبەت بە منداڵەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانی خستە روو، نوێنەرەکەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری منداڵان و شەڕە چەکدارییەکان لەگەڵ مامۆستایان کۆبۆوە کە ئەوانیش هەر لە ناوەڕاست وخوارووی عیراقەوە هاتبوون و زۆربەشیان لە سەر ئەوە کۆك بوون کە ئەوان دوای کوشتنی یەك لە خێزانەکانیان یانیش دوای هەڕەشەکردنی کوشتن لێی ناچاربوون شوێنی خۆیان جێبێڵن.

لەوەڵامی پرسیارێك کە ئایە چت لە نەتەوە یەککگرتووەکان دەوێ کە بیکا، کچێکی ١١ساڵانە بە یەك ووشەی "ئاسایش"وەڵامی خاتو کوماراسوامی دایەوە.

لە کۆمەڵگەی شاوێس( ١٠ کم باکووری هەولێر) کە زۆرێك لە ئاوارە ناوخۆییەکانی لێیە، خاتوور

کوماراسوامی دوای تاوتوێ کردنی بابەتەکانی پەیوەست بەئاسایش و سەلامەتی ئاوارە ناوخۆییەکان لەگەڵ پەرپرسی پۆلیس سەردانی چەند خێزانێکی ئاوارەی کرد. یەك لەوان کە لە بەغداوە هاتبوو بووکەکەی پارمەتی دەدا بە فرۆشتنی کارتی مۆبایل بۆ دابینکردنی خەرجی زەهرای کچیان (پۆلی شەش) لە قوتابخانەیەکی ناوشار چونکە لەونزیکانە قوتابخانە نەبوو. زەهرا دەیویست لەدوارۆژدا ببێتە مامۆستا.

خێزانی دووەم کە خاتو کوماراسوامی سەردانی کرد پێکهاتبوو لە خانەوادەیەکی ٢٥ کەسی کە خەڵکی دیالە (باکووری رۆژهەڵاتی بەغداد) بوون دوای بەجێهێشتنی ماڵ و کاریان ئێستا لە خانوویەکی ٤ ژووری لە شاویس نیشتەجێن.

لەکاتی کۆبوونەوەی لە نیوەڕۆخوانێك لە هەولێرلەگەڵ خانمی یەکەمی عیراق خاتو هێرۆ براهیم ئەحمەد کە دامەزرێنەری منداڵپارێزی کوردستانیشە، خاتو کوماراسوامی پرسیاری کرد لەبارەی کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر منداڵان و ئەوکارانەش کە پێویستە بکرێن لە پێناو کەمکردنەوەی برك و ژانەکانی.

لە کۆبوونەوەشی لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوی مینی کوردستان و رێکخراوی UNDP، ئەو جەختی کردەوە لەسەر باروودۆخی قوربانیانی مین چونکە ئەو لە بەشدارانی تری زانیبوو کە کوردستان یەکێکە لە گەورەترین کێڵگەی پرمین لە جیهان کە پاککردنەوەی پێویستی بە چەندان ساڵ هەیە.

لە چوارچێوەی کارنامە چڕوپڕەکەی لە بەغداد، ئەو خاتوونە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتەکانی داد و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و خزمەتگشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و شاندەکانی ژنان و منداڵان کۆبۆوە. لەهەولێریش، ئەو لەگەڵ رێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان دیندار زێباری و وەزیرەکانی پەروەردە و کار و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و بەڕێوەبەری گشتی ئاوارە و کۆچبەران کۆبۆوە. "دەبا ئاشتی لە عیراق لە پاراستنی منداڵانەوە دەست پێبکات" خاتو کوماراسوامی لە کۆتایی سەردانەکەی بۆ عیراق رایگەیاند.

## جۆن هۆڵمز ئاماژە بە ترسناکیی دۆخی مرۆیی لە عیراق دەکا




*لێدوانی رۆژنامەوانی بەڕێزان وەکیلی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جۆن هۆڵمز و جێگری نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی دەیڤید شێرەر لە عەممان - وێنە، ئەژانسی رۆیتەر*

*وەکیلی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی جۆن هۆڵمز لە مانگی ئاداردا سەردانی وڵاتانی عەرەبیی کرد. لەیەکەم لادانی لە ئەردەن چاوی بەو بەرپرس و ئاژانس و رێکخراوە ناحکومییانە کەوت کەبایەخ بە دۆخی مرۆیی لە عیراقدا دەدەن. پاشان سەردانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و کوێت و قەتەریشی کرد. ئەو هەر لەسەرەتا وای دانابوو کە بچێ بۆ عیراق بۆ ئەوەی لە نزیکەوە دۆخی مرۆیی بە چاوی خۆی ببینێ بەڵام ناڵەباریی ئاسایش رێگەی نەدا.*

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ دەیڤید شێرەری رێکخەری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق، جۆن هۆڵمز لە دوا وڵاتی سەردانەکەی لە عەمان ئەنجامیدا، خراپی دۆخی مرۆیی لە عیراقدا خستەڕوو. ئەوەشی روونکردەوە کە پێویستیە مرۆییەکان زۆر زیادیان کردووە بە هۆی دوژمنکاریی بەردەوام و تێکچوونی ژێرخان و خزمەتە بنەڕەتییەکان.

ئەو داوای کرد کە توندوتیژییە کوشندەکان کۆتاییان پێ بێت و رێگەکان ئاواڵە بکرێن بۆ ئەوەی کارمەندانی مرۆیی بتوانن ئاوی پاك و خۆراك و خزمەتەکانی تر بگەیەننە ئەو ملیۆنان کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی. بەڕێزی ووتی " بەداخەوە ئەمڕۆ لە عیراقدا رێگاکانی خزمەتە مرۆییەکان بە هۆی شەڕە بەردەوامەکان و بەربەستەکانی هاتوچۆ بە زۆری تووشی گیروگرفت دەبن." ئەو زیاتر لەسەری رۆیشت و ووتی کە تێکەڵبوونی ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە دۆخی خەڵکی عیراقی لەم دوو ساڵەی دواییدا خراپتر کردووە.

بەڕێز هۆڵمز تێبینیی ئەوەشی کرد کە ٤ ملیۆن کەس خواردنی تەواویان نییە و سیستەمی دابەشکردنی گشتیش بەو شێوەیەی کە بۆی دانرابوو کارناکات. هەروەها ئەو نیگەرانیی خۆشی دەربڕی لەسەبارەت بە "رێژەی ترسناکی کە تووشی بەدخۆراکیی منداڵانی عیراق کە دەگاتە ٤ تا ٩٪." ئەو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئەو پەڕی سوود لە هەر " باشبوونێکی ئاسایشی ناوخۆیی یان سەقامگیری" ببینرێ لە پێناو فراوانکردنی هەوڵەکانی فریاگوزاری.

بەڕێز هۆڵمز جەختی کردە سەر پابەندییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لە سەر بنەمای سەربەخۆیی و بێلایەنی، بۆ بە هاناوەچوونی قەیرانی مرۆیی لە عیراقدا و ئەو ئاوارەبوونەش کە لە ناوچەکە لێی کەوتۆتەوە. " ئێمە هەرچی لە دەستمان بێت دەیکەین لە پێناو دابینکردنی پێویستییەکانی ملیۆنان کەسی لێقەوماو چ لە ناو عیراق و چ لە دەرەوە بە بە هێزکردنی هەماهەنگسازی و فریاکەوتنەکانمان". هەروەها ووتیشی رێکخراوەکە هەر پێشتریش لەساڵی ٢٠٠٧دا پارمە تییە کی باشی لە عیراق دابەشکردبوو کە بڕەکەی دەگەیشتە ٣٠٠ ملیۆن تەن. "هەر کە بارو دۆخ رێگەمان پێ بدا ئێمە پارمەتییە کتوپڕەکان زیاد دەکەین و بە هیواشین بانگەوازە ٢٦٥ ملیۆنییەکەی کە لە مانگی شوباتی رابگەیەنرا بەتەواوەتی لە لایەن کۆمەکبەخشانەوە دابین بکرێت." تێبینیشی کرد کە ئەمەش بە بەراوورد لەگەڵ تێچوونی شەڕ

هێشتا بەس نییە. هەروەها ئەو سوپاسی هەردوو وڵاتی سوریا و ئەردەنی کرد، کە لە نزیکەوە کاری لەگەڵدا کردوون، بۆ حەواندنەوەی سەدان هەزار پەناهندەی عیراقی.

هەماهەنگسازی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بەڕێز دەیڤید شێرەر کە بەم دواییە و دوای هەڵگیرساندنی شەڕ لە بەسڕە لە نێردەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ بەرپرسانی عیراقی بۆ ئەوێ بەشداربوو، بە ڕۆژنامەنووسانی ووت کە قوربانییەکانی ئەم هەفتانەی دوایی هەر هەمووی خەڵکی مەدەنی بوون. "زیاتر لە ٧٠٠ کەس بوونە قوربانی و ١٥٠٠ یش بریندار بوون." راشیگەیاند کە ٨ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیش تەقەیان لێکرا و کارکەرانی مرۆییش هەڕەشەیان لێکراو بوونە ئامانج.

شێرەر ووتی "ئێستاش دوای نەمانی قەیرانە مرۆییەکە، هێشتا هەندێ خانەوادە هەن کە پێویستییان بە پشتگیری و یارمەتی هەیە." ئەو ئەوەشی راگەیاند کە "کاری هەرە لەپێشی نەتەوە یەکگرتووکان ئێستا یارمەتیدانی حکومەتە لە بەسڕە بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتییەکانی خۆی بۆ خانەوادە هەژارەکان دووچەندانە بکات." سەبارەت بە بارودۆخی شاری سەدر لە بەغداد، شێرەر دانی بەوەنا کە "بەردەوامیی سنووردار بوونی گەیاندنی یارمەتیی مرۆیی دەبێتە هۆی دروستکردنی بەربەست لەبەردەم هەوڵەکانی یارمەتیدانی هەندێك لە خانەوادە زۆر هەژارەکانی ئەو شارە." ئەو زیاتر لەسەری ڕۆیشت و ووتی کارکردنی پێکەوەیی لەگەڵ حکومەت و وڵاتانی دراوسێ زۆر پێویستە بۆ کەمکردنەوەی ئەو بارە دژوارەی خەڵکی عیراق تێیکەوتوون.

تەوەری سەرەکیی سەردانەکەی هۆڵمز بۆ وڵاتانی کەنداو بۆ ئەوە بوو ووتارێکی گرنگ لە کۆنگرەی پێنجەمی مرۆیی و گەشەکردنی نێودەوڵەتی لە دوبەی پێشکەش بکات. سەرۆکی هەماهەنگسازیی نەتەوە یەکگرتووەکان گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکانی ناوچەکە ئەنجامدا سەبارەت بە چۆنیەتی لە نزیکەوە کارکردنی سیستەماتیکی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و سیستەمی مرۆیی نێو دەوڵەتی لە بوارەکانی کاری فریاگوزاریی مرۆیی و دروستکردنی بەشداربوونێکی درێژخایەن. هەروها ئەو "گەشبینیی پراکتیکیی" خۆشی نیشاندا کە بە تێپەڕبوونی کات گفتوگۆیەکانی بە مەبەستی هاندانی وڵاتانی کەنداو بۆ گرتنەبەری ڕێگەی زیاتری یارمەتیدان ئەنجامی باشیان لێ دەکەوێتەوە و دێنە بەر.

## بەرپرسانی هەماهەنگیی حکومەتی عیراق دەست بەکار دەبن

**نووسینی : رەندە جەمال**

یەك لەو هەنگاوانەی لە بەر ڕۆشنایی بڕیاری فراوانکراوی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٧٧٠ دامەزراندنی بەرپرسانی هەماهەنگیی بوو لە حکومەتی عیراق کە (یونامی) کە گرنگییەکی زۆری لە بەرنامە جوگرافییە درێژکراوەکەی (یونامی)دا هەبوو.

ئەم پڕوسەیەش کە لە لایەن (یونامی)یەوە ساڵی رابردوو دەستی پێکرا لە سەرەتاوە لە لایەن جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتییەوە دەستپێشخەریی بۆ کرا بوو بە داواکردن لە هەر پارێزگارێك کە ٤ کەس بۆ ئەم پۆستانە ناوزەد بکات و شوێنی بەرپرسی دامەزراو (چ پیاو چ ژن) لە ئۆفیسەکەی خۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکەی ئەنجامبدات. هەر کە لیستی ناوزەدکراوان نێردرا، یونامی یەکسەر دەستی کرد بە هەڵبژاردنی "بەرپرسانی هەماهەنگیی" لە ڕێی پڕوسەیەکی چاوپێکەوتنی پڕ ڕکەبەریی.

ئەم بەرپرسانە لە ١٥ پارێزگای عیراق دادەمەزرێن و دەوریشیان زیادکردنی تێگەیشتنی (یونامی)یە بۆ بارودۆخەکانی پارێزگاکان بە نیازی ئاسانکردنی توانای نێردەکە بۆ ئەوەی لە گەیاندنی یارمەتییەکانی بۆ شوێنە لە پێشەکان بتوانێ ئامانجی بپێکێ.

بە هۆی بەربەستە ئەمنییەکانەوە، (یونامی) لەسەر تاسەری عیراق ئازادی تەواوی نییە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەنجامنەدانی چالاکی و سنووردارکردنی جوڵانەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ئەنجامدا "بەرپرسانی هەماهەنگیی" زانیاری خۆیان لەسەر دۆخی مرۆیی لە پارێزگاکانی خۆیان سەبارەت بە گەیاندنی خزمەتە بنەڕەتەکان و تەندروستی و فێرکردن و دابەشکردنی خۆراك و کارەبا پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن. زیاتریش، ئەم بەرپرسانە راپۆرت لەسەر دۆخی سیاسی و ئاسایشیش بە تایبەت لەو ناوچانەی حوکم تێیاندا کاریگەرە پێشکەش دەکەن. هەروەك چۆن هەماهەنگیش لە نێوان (یونامی) و بەرپرسانی پارێزگا و کۆمەڵگاکانی مەدەنی و نوێنەری پارتە سیاسییەکان دروست دەکەن.

بەم شێوەیە، ٩ بەرپرسی هەماهەنگیی لە تکریت و واست و بەغداد و ناسریە و قادسیە و کەربەلا و نەجەف و بابل و موسەننا هەڵبژێردران. ئێستا هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ دامەزراندنی ٦ی تر بۆ پارێزگاکانی بەسڕە و میسان و ئەنبار و نەینەوا و تەئمیم و دیالە و هەروەها دامەزراندنی ٣ی تریش بۆ ٣ شارەکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیە.

خولێکی ٣ رۆژیی تێروتەسەل بۆ ئەو پاڵێوراوانەی هەڵبژێردرابوون لە بارەگای (یونامی) لە بەغداد کرایەوە. بەرنامەیەکی کارئاشناییيان لە نێوان ٢٥-٢٧ی ئاداری ٢٠٠٨ بۆ کرایەوە کە تێڕوانینێکی تەواوی لەسەر کار و سنووری دەسەڵاتی (یونامی) بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی ئەم بەرپرسانە و گرنگیی دەوریيان لە دروستکردنی هەماهەنگیی لە نێوان نێردەکە و پارێزگاکانیشی بە دواداهات. هەروەها کارمەندانی بەشەکانی (یونامی)یش بەشدارانیان بە کارەکانی بەشەکانیان لە یارمەتیدانی عیراق و خەڵکەکەی ئاشنا کرد.

هەر بەتەواوبوونی خولەکەش "بەرپرسانی هەماهەنگیی"یش دەست بە کاربوون.




هەر هەژدە پارێزگاکەی عیراق

پاشماوەی لاپەڕە (1)

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر تامەزرۆی ئەم بابەتە بوو و بە مکوڕیشەوە جەختی کردە سەر ئەنجامدانی گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عیراق و لەگەڵ بە دەستهێنانی پشگیریی زیاتریان بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی لە عیراقی بەشەڕ کاولبوودا.

وەکیلی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری رامیاری لین پاسکۆ جەختی کردەوە لەسەر هەوڵە چڕوپڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لەبەر رۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٧٧٠ ی فراوانکراو. ئەو ووتی کە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق (یونامی) یارمەتی حکومەتی عیراق دەدات بۆ پەرەپێدانی دایەلۆگی هەرێمیی و پێشنیارکردنی چارەسەری پڕبەپێست بۆ چارەسەرکردنی ناوچە دابڕاوەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەمساڵ لەگەڵ پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ بابەتە دەستووری و یاساییەکان.

بەڕێز پاسکۆ دەستخۆشی پێشهاتە باشەکانی سەر ئەرزی واقیعی کرد " لەگەڵ هەبوونی توندوتیژیی و پشێوی سیاسی و پێشکەوتنی ئابووریی خاو، کەچی لەگەڵ ئەوەش ئەو دامەزراوانەی لەساڵی ٢٠٠٥ دامەزران لە رێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانە و ریفراندۆمێکی دەستوورییانە وا خەریکە رەگیان دادەکوتن."

هەروەها ووتیشی " وا خەریکە کۆدەنگییەکی زۆر گرنگ بۆ عیراقێکی فیدڕالی دیموکراتی یەکگرتووی شکۆداردروست بێت."

ئەوەش روونکردەوە کە " سەرەڕای چاکسازییە بەردەوامەکان لە توانای هێزەکانی ئاسایشی عیراق هێشتاش دۆخی ئارامیی و ئاسایش هەر بە لەرزۆکی ماوەتەوە."

یەك لە کێشە ئاڵۆزەکانی عیراق مەسەلەی ئەو ٤ ملیۆنە ئاوارە عیراقییەن کە لە ناو عیراق و لە وڵاتانی دراوسێشن. بەڕێز پاسکۆ ئەوەشی راگەیاند کە کەمکردنی ئازاری ئەم پەناهندانە بەردی بناغەی دابینکردنی ئارامیی ناوچەکەن و بە پێچەوانەشەوە پشت گوێخستنی ئەم کێشەیە کاریگەریی هەرێمیی لێ دەکەوێتەوە. بە گوێرەی مەزەندەی کۆمیسیاریای باڵای پەناهندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆی ٢٦ ملیۆن عیراقی ٤.٤ ملیۆن تائێستاش هەر لێقەوماوون کە ٤.٢ ملیۆنیان لە وڵاتانی دراوسێن بەزۆریش سوریا و ئەردەن.

ئەو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە حکومەتی عیراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە بە یەکەوە یارمەتی مرۆیی و تەکنیکی پێشکەس بە وڵاتانی خانەخوێ بەتایبەت سوریا و ئەردەن بکەن. ئەو هەروەها بە کۆنگرەکەی راگەیاند کە " نەتەوە یەکگرتووەکان سەرقاڵی پەرەپێدانی بەرنامەیەکە بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە حکومەتی عیراق و رێکخراوە خێرخوازەکان ئامادەن بۆ کارێکی لەم بابەتە هەرکاتێك روویدا."

پێش ئامادەبوونی لە کۆنگرەی کوێت، وەکیلی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند رۆژێکی لە بەغداد بەسەر برد. ئامانجی ئەم سەردانەی زیاتر بۆ ئەوە بوو کە بەچاوی خۆی چالاکییەکانی (یونامی) و کارمەندەکانی لە نزیکەوە ببێنێ و هەروەها چاویشی بە بەرپرسانی عیراقیی و جیهانیی بکەوێت. لە کۆبوونەوەی لەگەڵ هەردوو جێگرانی سەرەك کۆمار و سەرەك وەزیران بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی و بەرهەم سالح بە دوای یەکدا ، بەڕێز پاسکۆ پابەندیی و ئارەزووی نەتەوە یەکگرتووەکانی دووپاتکردەوە بۆ یارمەتیدان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك تەندروستی و فێرکردن و پەناهندە و هەڵبژاردن و بابەتە دەستوورییەکان بۆ گەشەپێدانی عیراقێکی ئارام.

## مێزگردی جیهانیی یاسادانان: ئەوان بە هیوان چی بەدەست بێنن؟

**نوسینی: رەنـــدە جــەمـــال**

مێزگردی جیهانیی یاسادانان، کە یونامی لە سەرپەرشتیکردنیدا هاوبەشە، سەکۆیەکی ئاستی کارکردنە بۆ نوێنەرانی بنکە لە بەغدای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٧دا لە لایەن نوسینگەی پشتگیریی دەستووریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدرا لەگەڵ هاوبەشـــە جیهانییەکانیان و رێکخراوە ناحکومییەکان، بە کۆمیسیۆنی ئەورووپیشەوە. مێزگردی جیهانیی یاسادانان سەکۆیەکی دروستکرد کە تێیدا دوو هەفتە جارێك گفتوگۆی قووڵ ئەنجام دەدرێت و ئاڵوگۆڕی زانیاریی پەرەسەندنە یاسایی و دەستوورییەکان دەربارەی بابەتگەلی پێشتر ئامادەکراو دەکرێت. لە کاتی گونجاودا، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، نوێنەرانی عیراقی و/یان شارەزایانی عیراقیی ئامادە بۆ پێشکەشکردنی بابەتی پەیوەندیدار بانگهێشت دەکرێن. بەرپرسی نوسینگەی پشتگیریی دەستووری



بەشدارانی شەشەمیین مێزگردی جیهانیی یاسادانان

بەڕێز سڤێن سپێنجمان لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠٠٨دا رایگەیاند کە "مایەی شەرەفە بۆ مێزگردی جیهانیی یاسادانان کە میوانداریی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای عیراقی دادوەر غازی ئەلجەنابی بکات. دادوەر غازی ئەلجەنابیش ئەم هەلەی قۆزتەوە بۆ خستنەڕووی دەوری ئەنجومەنی شورا لە پێداچوونەوەی یاساکان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرلەمانیدا. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی تر باسی لە گرنگیی ئەم ئەنجومەنی شورایە و دەسەڵاتەکانی کرد لە نێو دەزگا یاسایی عیراقیدا. "
بەڕێز سڤێن سپێنگێمان هەروەها راشیگەیاند کە لە نێو ئەو بابەتانەی لە دانیشتنەکانی

پێشووی مێزگردی جیهانیی یاسادانان تاووتوێكرابوون رەشنووسی یاسای ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێكدا رێكنەخراون و، پاشەڕۆژی سیستمی فیدرالی لە عیراقدا و، یاسای دادپەروەری و لێپێچینەوە و لێبوردن هەبوون لەگەڵ پرۆسەی پەرلەمانیی عیراقی و فەرمانڕەوایی هەرێمی. لەمێزگردی شەشەم، كە لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٨دا سازكرا، نێردەی نەتەوە یەكرگتووەكان بۆ عیراق (یونامی) دوا زانیاریی پێشكەش كرد لەسەر دوا پەرەسەندنەكانی یاسادانان و بەشداربوونی نێردەكە، وەك شارەزا، لە راوێژكاریی چڕ لەگەڵ بەشداره عیراقییەكان. یونامی هەروەها دوا زانیاریی لەسەر پشتگیریی تەكنیكیی خۆی بۆ كۆمیتەی پێداچوونەوەی دەستوور خستە روو.

هەروەها یونامی كورتە روونكردنەوەیەكیشی دایە بەشداران لەسەر گەشتی لێكۆڵینەوەی پەرلەمانتارانی عیراقی ئێرلەندای باكوور بەسەر پەرشتی نوسینگەی پشتگیریی دەستووری سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراق، كە كۆمیسێونی ئەورووپی پارەی بۆ دابینكردبوو. بەرپرسی كاروباری یاسایی بەڕێز موحەمەد ئەلغەننام سەرۆكایەتیی شاندەكەی نەتەوە یەككگرتووەكانی دەكرد وتی "نموونەی هەرە گرنگ بۆ بەشداره عیراقییەكان ئەزموونی ئێرلەندای باكوور بوو لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئاشتەوایی نیشتمانی، بەتایبەت هەڵاوێرنەكردنی هیچ كەسێك لە بەشداربوون لەو مێزگردە، تەنانەت ئەوانەش كە بەشداریشیان لە گرووپی چەكداریدا كردبێت . ئەو جەختی كردە سەر گرنگیی ئەم جۆرە ئەزموونانە لە دروستكردنی توانای عیراقی و بەهێزكردنی دامەزراوە خۆماڵی و هەرێمییەكان. لەو مێزگردە باسی مەسەلەی سنوورە نێوخۆییە كێشە لەسەرەكان و شێوازی شیاوی چارەسەركردنیشیان كرا.

## هەواڵنامەی (یونامی)

**هەواڵنامەیەكە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی ) دەریدەكات**
**بابەتەكانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەكگرتووەكان بێت**

**بۆ زانیاری زیاتر تكایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلكترۆنییە ی خوارەوە بكەن:**
**Unami-information@un.org**
**یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بكەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:**
2644 - **+962 6 5504700**

*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلكترۆنی: www.uniraq.org